گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper11

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 20/02/2023

ڕێكەوتی پەسەندكردن: 26/04/2023

ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# هەڵبەستن و زێدەڕۆییکردن لە گێڕانەوە مێژووییەکانی تایبەت بە بزوتنەوەکەی (الحسين بن علي ساڵی ٦١ ک/٦٨٣ز)

**تابان صباح پیربال[١] - فائزة محمد عزت[٢]**

fayza.izzat@su.edu.krd - taban.perbal1@su.edu.krd

[١+٢]بەشی مێژو، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

بزوتنەوەی (الحسين بن علي) یەکێکە لە ڕوداوە گرنگ و کاریگەرەکانی سەردەمی ئومەوی، جێگەی بایەخی زۆربەی مێژونوسانی ئیسلامییە، بە هۆی دەرئەنجامەکانی ئەم بزوتنەوەیە، بەتایبەتی شەهیدبونی (الحسين بن علي) لە ساڵی (٦١ک/٦٨٣ز)دا، کاتێ لەلایەن خەڵکی کوفەوە بانگهێشت دەکرێ و بەیعەتی پێدەدرێ، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بۆ دانانی (يزيد بن معاوية) لەلایەن معاویەی باوکییەوە بە جێنشین بۆ دوای خۆی و بە پشتاوپشت کردنی دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی.

ئەوەی جێگای بایەخە بەشێک لە مێژونوسان لە تۆمارکردنی ڕوداوەکانی ئەم بزوتنەوەیە زێدەڕۆییان کردوە لە گێڕانەوەی هەندێ دیاردەو ڕوداو کە لە ڕاستییدا ڕوياننەداوە یان لەلایەن گێڕەرەوەکانەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر شێوێندراون، ئەمەش بەهۆی هاوسۆزی و لایەنگیری ئایینزایی مێژونوس، هەروەها کاریگەری لایەنی سیاسی لەسەر نوسینەوەی مێژو، چونکە مێژوی ئومەوییەکان لەسەردەمی عەباسییەکان نوسراوەتەوە، جگە لە نەبونی ڕێبازی ڕەخنەگرتن و تاوتوێکردنی گێڕانەوەکان لەلایەن مێژونوسانی ئەو سەردەمە، لەم توێژینەوەیە تەواوی زێدەڕۆییەکان لە بارەی ڕوداوەکە خراونەتەڕو لەگەڵ هۆکاری زێدەڕۆییکردنەکان.

**کلیلە وشەکان:** زێدەڕۆیی، الحسين بن علي، کارەساتی کەربەلا.

## پێشەکی

لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕوداوی گرنگ و جۆراوجۆرلەسەردەمی ئومەویدا ڕوویانداوە، بەڵام یەکێک لەو ڕوداوانەی سەرنجی زۆربەی مێژونوسانی ڕاکێشاوە بزوتنەوەکەی (الحسين بن علي)ە، کە لە مێژوی ئیسلامی جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانی مێژونوسان بوە، بە هۆی ئەوەی کە بە کوشتنی ناوبراو کۆتایی پێدێت، هەر لەدوای ئەمەوە کێشەو ئاڵۆزییەکان قوڵتر دەبێت لە نێوان بنەماڵەی (علي بن أبي طالب) و دەوڵەتی ئومەوی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ لایەنگرانی (آل البيت) بۆ تۆڵەسەندنەوە و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئومەویی.

## گرینگی توێژینەوەکە

لەگێڕانەوەکانی تایبەت بەم ڕوداو و کارەساتە تێبینی ئەوەدەکرێت کە هەندێک لە سەرچاوەکان لە ژێر کاریگەری سۆز و لایەنگیری بۆ (الحسين) کە کچەزای پێغەمبەری خودایە نوسراوەتەوە، هەندێک دیاردە و وتەی هەڵبەستراو و خەیاڵی دراوەتە پاڵ، بۆیە گرنگە لە توێژینەوەیەکی زانستی بێلایەندا تیشکبخرێتە سەر ئەو زێدەڕۆییانەی لەلایەن گێڕەرەوەو مێژونوسەکانەوە لە گێڕانەوەو تۆمارکردنی ڕوداوەکەدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە دەستنیشانکردنی ئەو زێدەڕۆییانەی کراوە لە تۆمارکردنی ڕوداوەکە و هۆکاری زێدەڕۆییەکان لە لایەن ئەم مێژونوسانە چیبوە ڕونبکرێتەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لە توێژینەوەکەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی مێژویی و شیکارکردنی ڕوداوەکە، دواتر هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی گێڕانەوەکان و دەستنیشانکردنی گێڕانەوە زێدەڕۆییەکان.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی کەسایەتی (الحسين بن علی) و چۆنیەتی دەستپێکردنی بزوتنەوەکەی و شەهیدکردنی، لە تەوەرەی دوەمدا باس لەو زێدەڕۆییانە کراوە کە لە سەرچاوەکان بەدیدەکرێ دەربارەی بزوتنەوەکە و کەسایەتی ناوبراو و ڕوداوەکانی بزوتنەوەکە و شەهیدکردنی (الحسين بن علي)، لە تەوەرەی سێیەم و کۆتایی باسی ئەو هۆکارانە کراوە کە بوەتە هۆی زێدەرۆیی کردن و شێواندنی بابەتەکە لەلایەن مێژونوسانەوە کەبە پاڵنەری دەمارگیری و ئاینزایی و سیاسی و هۆکاری پەیوەست بەمیتۆدی مێژونوس لەتۆمارکردنی ڕوداوەکان بوە، لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕو.

له دیارترین ئەم سەرچاوانەی که له توێژینەوەکە پشتی پێبەستراوە بریتین له کتێبی (انساب الأشراف)ی (البلاذري:٢٧٩ک/٨٩٢ ز) كه باسی ژياننامه و كەسايەتی (الحسين)ی كردوه له تەوەرەی يەكەمدا زۆر سودمان لێوەرگرتوه، هەروەها كتێبی (التنبيه‌والاشراف)ی (المسعودي:٣٤٦ک/٩٥٧ز) كه بەتێروتەسەلی باسی كەسايەتی توێژينەوەكەی كردوە، هەروەها سودوەرگيراوە له كتێبی (مقتل حسين بن علی)ی (الطبراني:٣٦٠ک/٩٧٠ز) كه تايبەته بەناوبراو و ژيان و بەسەرهاتەكانی له دايكبونيەوە تا كوژرانی تۆماركردوە، هەروەها كتێبی (سير اعلام النبلاء) (الذهبي م:٧٤٦ک/١٣٤٥ز)ی بەدەرنییە له باسكردنی كەسايەتی (حسين) و ژياننامەكەی.

بۆ ڕوداوەكانی بزوتنەوەكە بەپلە يەک پشتمان بەستوە بە كتێبەكەی (تاريخ الرسل والملوک)ی (الطبري:٣١٠ک/٩٢٢ز) كه بەتێروتەسەلی باسی بزوتنەوەكەی كردوە، جگه له كتێبەكەی (ابن قتيبة :٢٧٦ک/٨٨٩ز) (الامامة السياسة) كه باسی ڕوداوەكانی بزوتنەوەكەو بارودۆخی خەڵكی كوفە بەر لەچونی (الحسين) بۆ كوفە، دواتر كتێبەكەی (ابن اعثم الكوفي:٣١٤ک/٩٢٦ز) بەناوی (كتاب الفتوح) له ميانەی باسكردنی ڕوداوەكە چەندان فەرمودەی هەڵبەستراوی له بارەی كوشتنی (الحسين) له كەربەلا و ڕوداوەكانی دوای شەهيدكردنی ئيمام (حسين) هێناوەتەوە، پاشان كتێبی (المحن)ی (أبو العرب:٣٣٣ک/٩٤٤ز) كه تايبەتمەندە بە باسكردنی زۆربەی كەسايەتی و ڕاپەڕين و شۆڕشەكانی عەلەوييەكان، كتێبی (العقد الفريد)ی (ابن عبدربه:٣٢٨ک/٩٣٩ز) هەرچەند هەندێ بە سەرچاوەيەكی ئەدەبی هەژماری دەكەن، بەڵام بە هۆی بونی زانيارييەكی زۆری مێژويی سەردەمی ئومەوی توێژەر ناچارە بگەڕێتەوە بۆی، هاوكات بۆ وەڵامی هەندێک له گێڕانەوە هەڵبەستراوەكان سودوەرگيراوە له پەرتوكەكانی (البداية والنهاية)ی (ابن كثير:٧٧٤ک/١٢٧٢ز) و(المنهاج السنة النبوية)ی (ابن التيمية: ٧٢٨ک/١٣٢٧ز) جگەله چەندين سەرچاوەی ديكە كه له ليستی سەرچاوەكاندا ئاماژەيان پێكراوە.

## تەوەرەی يەكەم

## پوختەيەک له ژياننامەی(الحسين بن علي)ی بزوتنەوەكەی

### ١- ژيان و ئاكارو كەسايەتی (الحسين بن علي)

(الحسين بن علی بن أبی طالب بن عبدالمطلب بن هاشم)ە، دايكيشی (فاطمه)يه كچی پێغەمبەرمحمد (د.خ)، له مەدينه ساڵی (٤ک/ ٦٢٦ز) لەدايكبوه (المسعودي،١،١٩٨١/٢٨٧؛ الأصفهاني، ٢٠٠٧، ٥٣؛ الذهبي، ١٩٨٥،٣/٢٨٠)، بە (أبا عبدالله) ناسراوە، كەسێكی ئازا و دونيانەويست بوە، لەڕوخساردا له پێغەمبە(د.خ) چوە، قژی و ڕيشی ڕەشبوە بە وەسمە كه جۆرە گيايەكە وەكو خەنە ڕەشيكردوە، (البلاذري، ١٩٩٦، ١٤٣/٣؛ الذهبي، ١٩٨٥،٤/٣٤٨)، جلوبەرگی حەريری پۆشيوە وە مێزەرەكەشی له ئاوريشم چنراو بو، (الطبراني، ١٩٩٢،

٣٨)، (الحسين وحسن)ی برای لەلای پێغەمبەر(د.خ) زۆر خۆشەویست و نازداربون بون، لە (أبی أيوب الانصاری) دەگێڕنەوە کەوا ڕۆژێکیان چۆتە ژورەوە بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) بینیویەتی کە هەردوکیان لەسەر سنگی یاری دەکەن، لێی پرسیوە ئایا خۆشی دەوێن؟ فەرمویەتی: ((کيف لا احبهما وهما ريحنتای من الدنيا)) (الذهبي،١٩٨٥،٣/٢٨١).

لە سەرەتادا (حسين) وەکو کەسایەتیەکی سەربەخۆ بەدیارنەکەوت لە دوای مردنی باوکی بەتایبەتی لەو کاتەی کە براکەشی (حسن) لە ژیاندا بو لەو گەورەتر بو، هەرچەندە هەندێ لە پیاوانی عەلەوی بۆ نمونە (حجر بن عدی)[i] هانی دەدا شورش دژی ئومەوییەکان بەرپابکات (ابن سعد، ١٩٩٠، ٨٩/٢)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆش نەبو بە ڕێکەوتنەکەی نێوان (معاوية) و (حسن)ی برای، دوای ئەوەی (حسن)ی برای لەساڵی(٥٠ک/٦٧٢ز) کۆچی دوایی کرد لایەنگرانی کۆبونەوە لە ماڵی (سليمان بن صرد الخزاعی)[ii] نوسراوی سەرەخۆشیان بۆ (حسين) نوسی و پێیان ڕاگەیاند ((کە ئێمە لایەنگری تۆین باشترین کەسی بۆ ئێمە چاوەرێی فەرمانی تۆین)) (البلاذري،١٩٩٦، ١٥١/٣)، بەڵام دواترکە معاوية دەسەڵات وەردەگرێت لە سەرەتادا پەیوەندی (الحسين) لەگەڵیدا ئاسایی بوە، (ابن عبدربە، ٢٠١٩، ١٣١/٥)، معاوية تا مردیش پەیوەندی لەگەڵ (الحسين) خۆشبوە هەمو ساڵێک ملیۆنێک درهەم و هەمو جۆرە کەلوپەلێکی لەئازوقە و پێداویستی تری بۆ ڕەوانە کردوە.(البلاذري، ١٩٩٦، ١٥١/٣).

٢- چۆنیەتی دەستپێکردنی بزوتنەوەکەی (الحسين بن علي)

هەڵوێستی (الحسين) بەرامبەر ئومەوییەکان گۆڕا لەوکاتەی کە معاويە بڕیاری جێنشینی لە دوای خۆی بۆ یزیدی کوڕی دەرکرد بۆیە بەیعەتی ڕەتکردەوە، بە هۆی ئەوەی سیستەمی خەلافەتی گۆڕی لە شوراوە بۆ جێنشین (فوزي، ٢٠٠٩، ١٧١).

دوای معاويە (یزيد)ی کوڕی داوای لە والی خۆی لە مەدینە (وليد بن عتبە)[iii] کرد کە بەیعەت لەو کەسانە وەربگرێ کە بەیعەتیان نەداوە بە دیاریکراویش (الحسين بن علي) و (عبدالله بن زبير)[iv] بەڵام ناوبراوان لە مەدینە بەیعەتیان بەیەزید نەدا، دەوترێ کاربەدەستی مەدینە (مروان بن حکم)ی ڕاسپاردوە بۆ ئەم کارە (الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٧؛ ابن الأثير، ١٩٩٧،٣/ ٢٦٦)، (ابن أعثم) دەڵێ گوايە یزيد بە (وليد بن عتبة)ی ڕاگەیاندوە هەر کەسێک بەیعەتی نەدا سەری بپەڕێنی و بۆی بنێری(١٩٩١، ٣٣/٥).

لە ناو خەڵکی کوفە جموجۆڵ دروستبو خەڵکێکی زۆر نامەیان بۆ (الحسين بن علي) نارد و شادمانی خۆیان بۆ مردنی معاويە دەربڕی و داوایان لێکرد بێت بۆ کوفە تا بەیعەتی پێدەدەن و بەیعەتیان بە کەس نەداوە چاوەرێی هاتنی ئەون، (الطبرى، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٧؛ ابن الأثير، 3،١٩٩٧/ ٢٦٦)، بۆیە (الحسين) دەنێرێت بە دوای ئامۆزاکەی (مسلم بن عقيل) (م٦١ک/٦٨٣ز) لە مەککە بەرەو مەدینە بەنهێنی بەرێدەکەوێ بەرەو کوفە، بەڵام ڕێگا بزردەکەن ئەو دو ڕێنیشاندەرەی لەگەڵین لە تینویەتیان دەمرن، کە (مسلم) دەگاتە کوفە،

(الدينوري،١٩٦٠، ٢٣٤ ؛الطبري، ٢٠١٢، ٣٣٩/٣)، هەواڵی گەیشتنی (مسلم) بەخێرایی لە کوفە بڵاوبۆەوە و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبونەوە و سوێندیان بۆ خوارد و بەماڵ و بەگیان بیانپارێزن مێژونوسان ناکۆکن لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە کوفە بەیعەتیان دا بە (الحسين بن علي)، (ابن أعثم) دەڵێت بیست و پێنج هەزار کەس لە کوفە بە نهێنی بەیعەتیان دا و بەڵێن و پەیمانی لێوەرگرت (١٩٩١،٥/٤٠)، یاخود دەوترێت زیاتر لە سی هەزار کەس بەیعەتیان بە (الحسين) دا (ابن القتيبة،١٩٩٧،٢/١٨٢؛ ابن عبدربه، ١٩٨٣،٤/٣٥٤)، (الطبري)یش دەڵێ هەژدە هەزار کەس بەیعەتیان دا بە حسین؛ (مسلم) نامەی بۆ حسین ناردەوە تێیدا ڕایگەیاندبو خەڵکی کوفە هەموی لەگەڵ ئەون، ڕاو و یستیان لەگەڵ بنەماڵەی معاویە نییە، (٢٠١٢، ٣/ ٢٩٠)، دوای ئەمە (مسلم) داوای لە (الحسين) کرد تا بەرێبکەوێت بۆ کوفە، (الحسين) بڕیاریدا بەرێبکەوێت، هەرچەندە ئامۆژگاریان کرد کە نەچێت بۆ عێراق لەوانە (ابن عباس:٦٨ک/٦٨٧ز) ئامۆژگاری کرد کە (عبيدالله بن زياد:٦٧ک/٦٨٦ز) باڵادەستە لە عێراق و خەڵک لەم ڕۆژگارەدا کۆیلەی دینار و درهەمن جێگەی متمانەنین دەیکوژن و ئەگەر هەر دەڕوا ئافرەت و مناڵەکان نەبات، هەروەها (الفرزدق)ی شاعیر لە ڕێگادا پێیگەیشت پێیوت ((نەچی دڵی خەڵکی عێراق لەگەڵتدایە، بەڵام شمشێرەکانیان لەگەڵ بنەماڵەی ئومەوییە))، لێرەدا حسین پێداگربو، حەزیدەکرد ئەگەر کوژرا لە عێراق بکوژرێ نەک مەککە، (الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٩؛ ابن أعثم، ١٩٩١،٥/ ٦٥)، گێڕانەوەیتریش هەیە کە گوایە ئومەوییەکان دەستیان هەبوە لەوەی کە (حسين)وا لێبکەن مەککە بەجێبهێڵێ، دەریانکردوە دوای ئەوەی دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکیدا گرتوە، (ابن أعثم، ١٩٩١،٥/ ٦٦). دەکرێ ئەمە زێدەڕۆیی بێت لەبەرئەوەی ئەمە لەبەرژەوەندی ئومەوییەکان نەبو.

(عبيدالله بن زياد) ئەم هەواڵەی پێدەگات و وتارێکی هەڕەشەئامێز بۆ خەڵکی کوفە دەدات ئەوانیش دەترسن و بەرە بەرە لە (مسلم) دوردەکەونەوە، تاوای لێهات (مسلم) خۆی مایەوە، سەرەتا (عبيداللەی بن زياد–هانی بن عروە:٦١ک/٦٨٣ز) دەکوژێت دواتر ئەو کۆشکە ئابلوقە دەدات کە (مسلم)ی لێیە دەستدەکەن بە تیرهاوێشتن، ناهێڵن کەس بێتە دەرەوە تا ناچاردەبن بەشێکیان خۆیان بە دەستەوەبدەن و ناوبراویش کوژرا، (الدينوري، ١٩٦٠، ٢٥٠؛ الطبري، ٢٠١٢، ٣/ ٣٣٦؛ ابن كثير، ١٩٨٨، ٨/ ١٥٥– ١٥٧).

هەواڵ گەیشتە (الحسين) کە (مسلم) و هاوەڵەکانی کوژراون، هەندێک لەوانەی لەگەڵیدابون داوایانلێکرد کە نەچێت و بگەڕێتەوە بۆ مەککە، بەڵام (الحسين) پێیوتون خێروخۆشی لە ژیاندا نییە لە دوای مردنی ئەوانە (الطبرى، ٢٠١٢، ٣/ ٣٣٨؛مسكويه،١،٢٠٠٠/١٩؛ ابن الأثير، 3،١٩٩٧/٢٦٧)، دەوترێت بەر لە گەیشتنی (الحسين) بۆ کوفە (يزيد) نوسراوی ناردوە بۆ (عبيدالله بن زياد) کە ئاگادار بێت (الحسين) نەکوژێت ئەگینا دەیگێڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆی، (اليعقوبي، ١٩٧٤،٢/١٧٥)، دوای ئەوەی (الحسين) گەیشتە کوفە ئەو خەڵکەی کە بەیعەتیان پێدابو لە دوای کوشتنی (مسلم و هانی) بە ترساندن و پارە هەموی پاشگەزبوبونەوە (الحسين) خۆی و ژمارەی هاوەڵەکانی چل سوارچاک و سەد پیاوی پیادە بو، بەر لەدەستپێکردنی شەڕ پێشنیار بۆ (الحسين) کرا کە وازبێنێت خۆی ڕادەست بکات بەبێ شەڕ، بەڵام وادیارە (الحسين) مردنێکی سەربەرزانەی

پێخۆشتربوە لەخۆڕادەست کردن، سەیری کردوە هاوەڵانی خۆیان بە کوشت دەدەن لە پێناوی ئەو خۆی چۆن شەڕنەکات (فلهاوزن، د. ت، ١٨٧)، دوای دەستپێکردنی شەڕ لە سەرەتادا (الحسین) خۆی بەشداری شەڕنەبو، بەڵام دواتر کە هاوەڵانی کوژران ئەویش دەستیکرد بە شەڕێکی دەستەویەخە بەهۆی نابەرامبەری سوپاکە بەکوشتنی ئیمام (حسین) کۆتایی پێهات، و هەشتا و هەشت لەوانەی لەگەڵی بون کوژران (ابن قتیبة، ١٩٩٧، ١/ ١٣١؛ الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٩)، (الحسین بن علی) لە مانگی موحەرەمی ساڵی (٦١ک/٦٨٣ز) لە تەمەنی شەست و پێنچ ساڵی بو لە کوفە شەهید کرا. (ابو العرب، د.ت، ١٥٨)، سەری لێکرایەوە دەوترێت لە مێژوی ئیسلامدا یەکەم سەربو لە لاشەی بکرێتەوە. (الطبری، ٢٠١٢، ٣٠١/٣).

سەری (الحسین)یان نارد بۆ (عبیدالله بن زیاد) لەگەڵ ئافرەتانی بنەماڵەی (الحسین) و ئەو دیلانەی کە گیرابون کە (علی بن الحسین)یشی لەگەڵ بو، دەوترێ کاتی سەری (الحسین) یان لەبەردەمی زیاد دانا بەدارێک سەیری ددانەکانی دەکرد، دەوترێ کەسێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (زید بن أرقم) لەوێ بوە پێی وتوە دارەکە دورخەوە بەخوا من خۆم بینیومە پێغەمبەری خودا ماچی ئەم شوێنەی کردوە (الدینوري، ١٩٦٠، ٢٦٠؛ الأصفهاني، ٢٠٠٧، ٥٥).

دواتر (عبیدالله بن زیاد) سەری (الحسین) و ئەوانی تر کە دەوترێ هەژدە سەری تر لە بنەماڵەی (الحسین) لەگەڵ خاو خێزانەکەی بەدیلکراوی نێردران بۆ شام بۆلای یزید، کە گەیشتن چون بۆ لای (یزید) و سەری (الحسین) و دیلەکان کە بنەماڵەکەی بون لە ژن و کچ و خوشک و کوڕەکەی (علی بن الحسین)، (شمر بن جوشن) کە نێردراوی کوڕی زیاد بو وتی ئەوە (الحسین بن علي) خۆی و لایەنگرەکانی بەسەر ئێمەیان دادا، داوامان لێکردن گوێڕایەڵ بن شەڕنەکەن بەڵام گوێیان نەگرت بۆیە، شەڕمان لەگەڵ کردن و یەکە یەکە کوشتمانن، دەوترێ (یزید) لەم کاتەدا فرمێسک بەچاوەکانی هاتۆتە خوارەوە وتویەتی خۆ ئێمە لە تۆ ڕازی بوین بەبێ کوشتنی (الحسین)، نەفرەتی خوات لێبێت ئەی کوڕی (مرجانە)، ئەگەر ئێمە بوینایە لێمان دەبوری (الدینوري، ١٩٦٠،٢٦٠؛الطبري، ٢٠١٢، ٣/ ٣٣٩؛ ابن العمراني، ٢٠٠١، ٥٤)، دواتر دەوترێ یزید زۆر ڕێزی لە خێزانەکەی گرتوە بردویانی بۆ لای کچەکان و خێزانەکەی خۆی ئەوانیش ئەو ڕۆژە بۆ کوشتنی حسین زۆر گریاون، یزید فرمانیداوە بەئامادەکردنی هەر پێداویستیەک و کەلوپەل دواتر ئامادەیکردون و ناردونی بۆ مەدینە، (ابن سعد، ١٩٩٠،٨/ ٣٤٧؛ الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٩ ؛الأصفهاني، ٢٠٠٧، ٥٧).

## تەوەرەی دووەم

## زێدەڕۆییەکان لە بارەی بزوتنەوەی (الحسین بن علي)

### 1- پێناسەی زێدەڕۆیی

سەرەتا گرنگە چەمکی زێدەڕۆیی لە ڕوی زمانەوانی و زاراوەییەوە شیبکەینەوەو پێناسەی بکەین. خۆی وشەی زیادەڕۆیی لە دو بڕگە پێکهاتوە (زیاد-زیادە+ڕۆیی) کە لەفەرهەنگە کوردییەکان شیکراوەتەوەو بە مانای (زیادە): سەرباره، زیادیی: فرەیی، لەئەندازە پێویستبەدەریی، (حسن،٢٠٠٧، ٧٥٠)، یا زیادەڕەوی: مبالغة، تطرف، تجاوز الحد (زێدەخستنەسەر، زێدەپێوەنان، سنوربەزاندن)،(نیزامەدین، ب.س، ٣٠١)، لەفەرهەنگی هەمبانە بۆرینە (زیاد) واتا فرە-پڕ-زیادە لە ڕادەبەدەر، (زیادی): نا پێویست، (زێدە): زۆر، زاف، (ڕۆیی): (ڕۆین) واتا ڕۆیشتن لەسەر شتێک کە پێویست نییە و لە ڕادەبەدەرە. (موکریانی،١٩٩٥، ٣٥٥،٣٩١)، واتا لە زمانی کوردیدا بە جۆرە شیکراوەتەوە شتیکە لە ئەندازەی خۆی بەدەربێ و بە پێویست نەزانرێ، یاخود زیادەو لە ئەندازە بەدەرە، (خاڵ،٢٠٠٥، ٢٤٤).

لە ڕوی زمانەوانییەوە: وشەی زیدەرۆیی لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی واتاکەی وشەکانی ((بالغ يبالغ مبالغه وبلاغآ))ه (ابن منظور،١٩٩٣، ٤١٩/٨). یاخود ((کەسێک لە ئاخاوتندا سنور تێپەڕێنێت)) (عبدالحميد، ٢٠٠٨، ١/ ٢٤٢). یا دەوترێ زێدەڕۆیی: واتا چۆنیەتی گەورەتر و زیاتر لە ڕادەی خۆی نیشاندان و باسلێکردنی شتێ، (روحاني،١٣٧٨،٣/٢٠٩٦)، لە توێژینەوەکەشدا بەم مەبەستە بەکارهاتوەو دەهێنرێت.

مانای زێدەڕۆیی لە ڕوی زاراوەییەوە: ((بریتییە لەوەی کە ئاخاوتنکار وەسفێکی زێدەی شتیک بکات بۆ ئەوەی لە ڕوی واتاوە کاریگەرتربێت)) (الكفوي، ١٩٩٢، ٨٥١)، یان ((پیاهەڵدانێکی لە ڕادەبەدەر لەگێڕانەوەی ڕوداوی ڕابردو)) (عبدالحميد، ٢٤٢/٢٠٠٨،١). یان بریتییە لە ((ئاماژەکردن بۆ واتای شتێک بە شێوەیەکی فراوانتر لە ئاسایی لەوەی کە لە زماندا بۆی بەکاردێت)) (الرماني، ١٩٣٤، ٢٥).

### 2- زێدەڕۆیی لەبارەی کەسایەتی (الحسین بن علي)و پێشبینیکردن بە کوشتنی

لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی بزوتنەوەی (الحسین بن علی) لەلایەن مێژونوسان چەند جۆرێک لە زێدەڕۆییمان بەرچاودەکەوێت، بۆ نمونە هەر لەسەرەتاوە لەسەر کەسایەتی (الحسین) و پێشبینیکردن بە شەهید کردنی لە خاکی عێراق (كربلاء)، ئەوەتا لە باسی کەسایەتییەکەی (الحسین) دەوترێت بیست و پێنچ حەجی کردوە بە پێوە لە شەو و ڕۆژێکدا هەزار ڕکات نوێژی کردوە، (ابن عبدربه،١٩٨٣، ٤/ ٣٥٩)، ڕاستە (الحسين بن علي) مرۆڤێکی خواناس و خوداپەرست بوە، بەڵام ئەستەمە لە شەو و ڕۆژێکدا هەزار ڕکات نوێژی کردبێ، بۆیە ئەمە زێدەڕۆییە کاتێکی زۆری دەوێ ئەگەر وابوبێ چۆن توانیویەتی کاروبارەکانی تری ڕۆژانەی خۆی ئەنجامبدات ئەو کەسایەتیەک بو جگە لە کاروباری خۆی ئەرکی تریشی لەسەر بوە، ئەو

فەرمودانەی لەسەر خودی (الحسین)و پێشبینیکردن بە کوشتنی ئەو هەروەک دەوترێت کە (ام سلمة) یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەر (د.خ) وتویەتی پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: ((یقتل حسین علی رآس ستین من مهاجری)) (ابن الخطیب البغدادي، ٣٧٤/٢٠٠٢،١). لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا دەوترێت (ام سلمة) بینیویەتی پێغەمبەر (د.خ) لەخەو هەڵساوە مشتێک خۆڵی سور لەناو لەپەکانیەتی، ئەویش پرسیویەتی ئەم خۆڵە چییە؟ فەرمویەتی: ((جبریل ئەم خۆڵەی بۆ هێناوم خۆڵی عێراقە (الحسین) لەوێ دەکوژرێ)) (ابو العرب، د.ت،١٥٩). یاخود کاتێک (ام سلمة) گریاوە پرسیاریان لێکردوە بۆ دەگری، وتویەتی پێغەمبەرم بینیوە لەخەودا کە مەنجەڵێک بەدەستیەوە بوە لێیانپرسیوە ئەمە چییە وتویەتی ئەمە خوێنی (الحسین)ە، یاخود بەشێوەیەکی تر دەگێڕدرێتەوە کە گوایە مەنجەڵەکە خۆڵی تێدابوە، جوبرەیل پێی وتوە کە ئومەتەکەت (الحسین) دەکوژن کاتێک خۆڵی ناو ئەم مەنجەڵە بو بەخوێن، کاتێک بینییان خۆڵەکە بوبە خوێن ئەم کاتە زانیویانە (الحسین) دەکوژرێ (الیعقوبي، ١٩٧٤،٢/ ٢٤٥؛ ابن أعثم،٣٢٣/١٩٩١،٤ ابن عبدربە، ٣٠/١٩٨٣،٦)، (ابن أعثم) فەرمودەو گێڕانەوەی زۆر نامۆ و نەگونجاو دەهێنێتەوە کە هەر بە ئاشکرا زێدەڕۆیی و هاوسۆزی پێوەدیارە، بۆ نمونە دەڵێت: ((کوڕی عەباس وتویەتی بینیم جوبرەیل لەگەڵ چەند فریشتەیەک لە ئاسمان هاتنە خوارەوە باڵەکانیان کردەوە و بە خەمباریەوە بۆ (الحسین) دەگریان، مشتێک خۆڵیاندا بە فاتیمەی کچی پێغەمبەر (د.خ) پێیانوت ئەی خۆشەویستی خودا ئەمە خۆڵی کوڕەکەتە، نەفرەتیەکان دەیکوژن لە زەوی (کروبلاء) ئینجا پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی جوبرەیل ئایا ئەو میللەتە سەردەکەون کە کوڕی من دەکوژن؟ جوبرەیل وەڵامی داوەتەوە وتویەتی نەخێر، بەڵکو خودا پەرتوبڵاویان دەکاتەوە تا کۆتایی دونیا)) (٣٢٣/١٩٩١،٤)، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا ک دەوترێت (کوری عەباس) کاتێ لە خەو هەڵدەستێتەوە وتویەتی: ((بەخودا حسین کوژرا لێیانپرسیوە بۆ وتویەتی لەخەومدا پێغەمبەر (د.خ) سەتڵێک لە خوێن لەدەستیبو وتی دەزانی میللەتەکەم لەدوای من چیدەکەن؟ (الحسین) و هاوەڵەکانی دەکوژن، ئەمەش خوێنی ئەوانە بۆ لای خوا بەرزدەبێتەوە)) (ابن کثیر، ١٩٨٨،٨/ ٢٠٢). یاخود دەوترێت خەلیفە (علی) لە ژیاندا بوە چوە بۆ کەربەلا وتویەتی لەم شوێنە کەسانێک شەهیددەکرێن کەسی وەکو ئەوان نییە تەنها شەهیدانی شەڕی (بەدر) نەبێت، (الطبراني، ١٩٩٢، ٥٥). ئەمە جگە لەوەی پێشبینیە بۆ ڕوداوەکە دەچێتە قاڵبی خەیاڵ لەهەمان کاتدا جۆرە زێدەڕۆییەکە دەربارەی خراپ نیشاندان و شومی ناوچەی (کەربەلا) هەر لەدەقێکی تردا دەوترێت گوێیان لێبوە کە کوڕی پێغەمبەری خودا لە (کەربەلا) دەکوژرێ کە گەیشتونەتە ئەوێ ئەسپ زۆر بەخێرایی ڕای کردوە و تێپەریوە (الطبراني، ١٩٩٢، ٥٥). بە شێوەیەک زێدەڕۆیی و هاوسۆزیەکە بۆ (الحسین) و شۆڕشەکەی گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی کە وەسفی خەڵکی عێراق بە خراپ و ستەمکار بکرێ دەوترێت لەو کاتەی (الحسین بن عبدالله)ی هاتوە بۆ لای (الحسین)ی ئامۆزای بە مەبەستی ئامۆژگاریکردنی تا نەچێت بۆ عێراق وتویەتی: ((آن اهل العراق قوم غدر فلا تقربهم،اقم بهذا البلد فانک سید اهل الحجاز)) هەر لەم بارەوە وتراوە خەڵکی عێراق کۆیلەی درهەم و دیناری بنەماڵەی ئومەوین، (الطبري، ٢٠١٢، ٢٩٥/٣).

(ابن عساكر) دەگێڕێتەوە ((كەوا ڕۆژێكیان چونە ژورەوە بینیویانە پێغەمبەر (د.خ) چاوەكانی پڕە لە فرمێسك پرسیاریان لێكردوە ئایا كەس خەمباری كردویت؟ فەرمویەتی كەمێك بەر لە ئیستا جبریل هاتوە پێیوتوم (الحسین) دەكوژرێ لە كەناری فورات، دەتەوێ كەمێك لە خۆڵەكەییت پێبدەم؟ مشتێك خۆڵی كردۆتە ناو لەپەكانی))، (ابن عساكر) ئەم گێڕانەوەیە بە جۆرێكی تریش دەگێڕێتەوە ڕۆژێكیان (الحسین) لە باوەشی پێغەمبەر(د.خ) بوە ماچی كردوە بۆنی كردوە، جوبرەیل لێیپرسیوە خۆشت دەوێت؟ وتویەتی بەڵێ پێیوتوە ئومەتەكەت دەیكوژن، ئاماژەی بە شوێنەكەشی داوە گوایە (كەربەلا) بوە، پێی ڕاگەیاندوە لە عێراقە و هەندێ خۆڵی سوری پێداوە كە خۆڵی ئەو زەویەیە كە لێی دەكوژرێ، پێغەمبەر (د.خ) داوای لە (ام سلمة)ی خێزانی كردوە كە خۆڵەكە بكاتە نێو سەتڵێك گەر بو بە خوێن ئەوا (الحسین) دەكوژرێ دەوترێت دوای دو ڕۆژ بوە بە خوێن، (١٩٩٥،١٨٨/١٤-١٩٢). یاخود دەوترێت فریشتەی دەریاكان هاتون باڵی خۆیان كردۆتەوە و هاواریانكردوە ئەی خاوەنی دەریاكان جلی خەمناكی بپۆشن نەوەی پێغەمبەری خودا دەكوژرێت و سەری دەبڕێت، خۆڵیان هێناوە هەمو خەڵك بۆنی ئەم خۆڵەیان كردوە، یاخود دەوترێت لەگەڵ لەدایكبونی (الحسین)بۆ ماوەی ساڵێكی تەواو دوانزە فریشتە هەریەكەیان لەسەر شێوەیەك بۆ پێغەمبەر (د.خ) هاتون یەكێك لە شێوەی شێر یەكێ لە شێوەی گا ئەوی تر لە شێوەی ئەژدیها، یەكێ لە شێوەی كوڕی ئادەم ....هتد، دەڵێ هیچ فریشتەیەك لە ئاسمان نەما بۆ دەربڕینی خەمباری و پرسەداری هەواڵی كوشتنی (الحسین) بۆ نەهێنن، (ابن اعثم، ٣٢٤/١٩٩١،٤)، هێنانی ئەم جۆرە دەقانە لەلایەن مێژونوسانەوە زێدەڕۆییە كەوابێ پرسی كوشتنی (الحسین) لەسەردەمی پێغەمبەرەوە هەبوە، یاخود دابەزینی ئەم هەمو فریشتەیە پێغەمبەر (د.خ) كەی كاتی دانیشتن لەگەڵ هاوەڵانی هەبوە.

بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە گێڕانەوانە پێشبینیكردنی ڕوداوەكان بەخەون جۆرێكە لە هاوسۆزی و گەورە و باڵا وێناكردنی كەسایەتییەكان و زیاتر نیشاندانی لە هەمانكاتدا تێكدانی ڕاستییە مێژوییەكان شێواندنی ڕوداوەكانە، هەرچەندە دەكرێ بەهۆی پێگەو كەسایەتی (الحسین) لە مەدینە و زانیویانە كە خەڵكی عێراق داوا دەكەن بێت و بەیعەتی پێدەدەن، (الحسین) بیرۆكەی چونی هەبوە بۆ عێراق، ئەگەر بچێ دەسەڵاتداری ئومەوی ڕوبەڕوی دەبێتەوە و لە ناوی دەبات، ئەوانەی لێیەوە نزیكبون خەونیان پێوە بینیبێ، كاری مێژونوس تۆماركردنی خەون و خەیاڵ نییە تێكەڵی ڕوداوە مێژوییەكان بكات، بەڵام گومانی تێدانییە لەمەدا مەبەست و پاڵنەری تایبەتییان هەبوە، بۆیە بەبێ دودڵی و هیچ هەڵوێستەكردنێك لەسەر ئەگەری نادروستی و نەگونجانی گێڕانەوەكان لەگەڵ ژیریدا وەك ڕوداوی ڕاستەقینەی مێژویی تۆمارییانكردون.

### ٣ـ زێدەڕۆیی لەبارەی بزوتنەوەكە و دوای بزوتنەوەكە

جۆرە زێدەڕۆییەكی تر لەم گێڕانەوانە بەدیدەكرێ كە ئاماژەیە بە ژمارەی ئەو كەسانە دەكات كە بەیعەتیان بە (الحسین) داوە لە (كوفە)، هەروەك ئاماژەمان بۆ كرد لە دوانزە هەزار و هەژدە هەزار یاخود

بیست و پێنج هەزار یاخود سی هەزار كەس، ئەم ژمارانە جێگەی گومانن زێدەڕۆییان پێوەدیارە، ئەی كەوابێ بۆچی نەیانتوانی پارێزگاری لە (الحسين) بكەن و نەهێڵن بكوژرێ؟ خۆ ئەگەر ئەم ژمارەیە ڕاست بێت دەیانتوانی ئومەوییەكان هەر لە عێراق بەدەرنێن نەک تەنها لە كوفە ئایا ژمارەی دانیشتوانی كوفە بەم ڕێژەیە بوە؟ لەو كاتەدا كە نیو سەدە بەسەر دروستكردنیدا تێپەڕ نەببو، ئەوەندە زۆرببون تا لەنێو نەیارانی ئومەویداسی هەزار كەس بەیعەت بە (الحسين)بدەن.

بە هەمان شێوە زێدەرۆیی كراوە لە ژمارەی كوژراوانی كوڕەكانی (فاطمة الزهراء) (ابن الخياط:٢٤٠ك/٨٥٤ز) لەگەڵ ئەوەی خۆی زۆر بواردوە لە گێڕانەوە ناجۆرو زێدەڕۆییەكان دەربارەی ڕوداوەكە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەقێكدا دەڵێت: ((لەگەڵ ئیمام (الحسين) حەڤدە پیاو كوژران كە هەمویان لە سكی فاتیمە بوبون)) (١٩٩٥، ١٤٦)، بەڵام لەسەرچاوەی تر ئەوانەی لەگەڵ (الحسين) بون كە كوژران شەش كەس بون ناوەكانیش دەهێنێت (العباس، جعفر، عثمان، محمد الأصغر، عبدالله، أبوبكر) دواتر كوڕەكانی و كوڕە براكانی دەژمێرێت، (المسعودي،١٩٨١، ١٧٩-٢٧٩؛ ابن عبدربه،١٩٨٣،٥/ ١٣٤)، لە هەمان كاتدا لەسەرچاوەیەكی تردا هاتوە كۆی كوژراوانی بنەماڵەی عەلی شانزە كەس بون كە كوڕەكانی فاتیمەی تێدا بو، (الذهبي، ١٩٨٥،٥/٥). بێگومان زێدەڕۆییە لەبەرئەوەی فاتیمەی كچی پێغەمبەر تەنها سێ كوڕی هەبوە (حسن، الحسين، محسين)، لەو كاتەشدا تەنها (الحسين) مابو.

هەندێک لە گێڕانەوەكانی تایبەت بە ئەنجامەكانی بزوتنەوەكە، كە دورە لە ڕاستی و دەچێتە بازنەی خەیاڵەوە، بۆ نمونە گێڕانەوەكانی دوای كوشتنی حسین، دەوترێ كە كوژراوە هەمو ڕۆژێک و شەوێک دەرگای ئاسمان كراوەتەوە و خوێن باریوە، ئاسمان گریاوە و سور بوە، لەبەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای كە وتویانە ئەمە ئاسمان بۆ (الحسين) دەگری، لەم ڕۆژەدا خۆرگیراوە، لە شەویش مانگ گیراوە، تاریكایی بەردەوامبوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، گەردەلولێكی بەهێز هەڵیكردوە، چیاكان داڕماون، ڕوبارەكان شەپۆڵەكانیان بەرزبۆتەوە، تۆز و باهۆزێكی ڕەش هەڵیكردوە بە جۆرێک نەتوانراوە شت ببینرێت مرۆڤ بەرچاوی خۆی نەبینیوە، گریانی فریشتەكان بۆی تا ڕۆژی دوایی، هەمو ڕۆژێكی هەینی یا شەوێكی هەینی حەفتا هەزار فریشتە لە ئاسمان دێنەخوارەوە بۆ سەر گۆڕەكەی بۆیدەگرین، لە ئاسمان پێیدەڵێن (الحسين)ی سەربڕدراو، لە زەویش پێیدەڵێن (ابا عبدالله)ی كوژراو (ابن اعثم، ١٩٩١،٤/٣٢٦)، لەڕۆژی كوژرانی (الحسين)دا هیچ بەردێک هەڵنەدراوەتەوە كە ژێرەكەی خوێنی تێدا نەبوبێت بۆ ئەمەش بەتایبەتی ئاماژە بە (بيت المقدس) (شام) دەكرێت، (الطبراني، ١٩٩٢، ٥٥؛ ابن عبدربه، ١٩٨٣، ٥/ ١٣٥)، یا كە (الحسين) كوژراوە چەند ڕۆژێک ئاسمان ڕاوەستاوە وەكو پارچەیەک خوێن وابوە بێ ئەوەی هیچ ڕوبدات، لە هەمانكاتدا دەڵێت: ئاسمان سوربو، خۆر گیرا، ئەستێرەكان بە نیوەڕۆ دەركەوتن، وەكو نیوەی شەو و خۆیان بەیەكدادەدا، خەڵک وایزانی ڕۆژی قیامەتە، گوێیان لێبوە جنەكان بۆ كوشتنی (الحسين) گریاون (ابو العرب، د.ت، ١٥٨؛ الطبراني، ١٩٩٢، ٥٩- ٦٠- ٧٤).

لەگێڕانەوەیەک دەوترێت کاتی سەری (حسین) گەیشتۆتە لای یزید فەرمانی کردوە بە ئاوریشم بپێچرێتەوە و بەخاک بسپێردرێت، ئەو کەسەی ئەم کارەی ئەنجامداوە وتویەتی بیرم لە کوشتنی (الحسین) دەکردەوە بینیم هەورێکی سەوز تیشکێکی لێوە دەردەهات و دەنگی ئەسپ دەهات و هاواردەکرا ئەی (أحمد) دابەزە پێغەمبەر (د.خ) دابەزیوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێغەمبەران و فریشتە هاتنە لای سەری (الحسین) سەرەکەی هەڵگتت و ماچی کرد و نوساندی بەسنگی خۆیەوە، (البيهقي، ١٩٦٠، ٢٨/١).

کاتێ دەوترێت خۆرگیراوە ئەستێرەکان بەنیوەڕۆ دەرکەوتون هەندێکیان دیاردەی سروشتین تەنها لەم کاتانەدا ڕونادەن، یان کاتی سەری حوسێنیان بردۆتە کۆشکەکە دیوارەکانی کۆشکەکە خوێنیان لێهاتوە، زەوی سێ ڕۆژ تاریکبو بۆنێکی خۆشی وەکو زەعفەرانی لێهاتوە، ئەو وشترانەی ئیمام (الحسین) و دەسکەوتەکانی وەک غەنیمەت لەلایەن جەنگاوەرانی ئومەوییەوە کە کرا بەچێشت تاڵبون، وێنەی ئەم وتانە هەڵبەستراوە دورە لە ڕاستی، (ابن كثير، ١٩٨٨، ٨/ ١٩٨– ٢٠١). دەتوانین بڵێین ئەمە زێدەڕۆییە شتی ئاوا هەرگیز نەمان بینیوە ڕوبدات بە مردنی هیچ کەسێک بەر لە ئیمامی (الحسین)یش. هەر لەم بارەوە (ابن تيميه) دەڵێت: ((ئەو درۆیانەی کراوە لەبارەی کوشتنی (الحسین) ئاسمان خوێنی باراندوە و یا سور بوە یا لەهەر شوێنێکی دونیا بەرد هەڵگیرابێ خوێنی لە ژێر بوە ئەمە بە کوشتنی هیچ کەسێک ڕونادات))(١٩٨٦، ٥٦٠/٤).

گێڕانەوەیەکی دیکە بەزەقی زێدەڕۆیی تێداکراوە بە دو شێواز گێڕدراوەتەوە، ئەوەیە کە دەوترێت ئەو نێردراوانەی سەری حوسێنیان بردوە بۆ لای یزید کە شەو داهاتوە لە دێرێک لایان داوە چەند ڕەبەنێکی لێبوە، لە نیوەشەودا هەندێ لە ڕەبەنەکان بینیویانە تیشکێکی (نور) لە ئاسمانەوە دێتە ناو تەشتەی کە سەری (الحسین)ی تێدابوە، نزیکبونەوە لێی کە سەریان بینی وتیان بێگومان ئەم سەرە کوژراوەکەی کەربەلایە، و ڕەبەنەکان هەواڵیاندا بە هاوەڵەکانی خۆیان، ئەوانیش کە بینیان ڕاستەوخۆ بون بەموسڵمان، ژمارەیان حەفت سەد ڕەبەن بوە، و دێرەکەشیان کردوە بە مزگەوت،(ابن العمراني، ٢٠٠١،١/ ٥٤).

لە گێڕانەوەی دوەم دەوترێت (خولی بن يزيد الاصبحی) ئەو کەسەی سەری (الحسین)ی لێکردۆتەوە بردویەتی بۆخەلیفە (یزید)، دەگەڕێتەوە ماڵ سەری ئیمامی (الحسین) دەخاتە ژێر تشتێک دەیەوێت بخەوێت، خێزانەکەی پێیدەڵێت: ((هەواڵ چییە، چی هەیە ئەوە سەری (الحسین)ە لەماڵ! ئای بۆ تۆ خەڵک بەزێڕ و زیو دێتەوە تۆ بەسەری کوڕی پێغەمبەری خوا))، دەوترێت کە هەستانەوە سەیری تەشتەکەیان کرد بینیان تیشک وەک ستونێک لە ئاسمانەوە دێتە ناو تشتەکە، هەندێ باڵندەی سپی لە دەوری دەسورێنەوە، (الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٦).

دەربارەی سەری (الحسين) (ر.خ) دەوترێ نێردراوە لەگەڵ سەری ئەو هاوەڵانەی کە لەگەڵی کوژران بۆ لای (عبيدالله بن زياد) بەدارێک یاری بە دەم و ددانی کردوە، (الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٣٣٦؛ ابن الأثير، ١٩٩٧،

١٨٠/٣ ابن كثير، ١٩٩٨، ٨/ ٢٠٢)، یاخود دەوترێت سەری (الحسين) لە كوفە سورێندراوەتەوە دواتر هەڵواسراوە (ابن الجوزي، ١٩٩٢،٥/ ٣٤١)، پاشان نێردراوە بۆ (يزيد بن معاوية) لە شام لەگەڵ ئەوانەی مابون لە خێزانەکەی خوشک و ژن و کوڕەکەی (علی) کە ئەو کات بچوک بوە تەمەنی سیانزە ساڵ بوە، کە (یزید) سەری (الحسين)ی بینی زۆر خەمبار بوە و گریاوە وتویەتی: ((من ڕازی بوم لە کوڕی زیاد بەبێ کوشتنی (الحسين) نەفرەتی خوات لێبێت ئەی کوڕی مرجانە))(الطبري، ٢٠١٢، ٣/ ٣٣٦ ؛ ابن أعثم،١٩٩١،٥/ ٢٧). یاخود دەوترێت سەری (الحسين) نێردراوە بۆ (یزید)بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە دیمەشق هەڵیواسیوە دواتر نادویەتی بۆ گەنجینەی چەک تا سەردەمی خەلیفە (سليمان بن عبدالملك) ناردویەتی بە دوای سەرەکە کە هێناویانە تەنها ئێسک بوە کفنیان کردوە و نوێژیان لەسەرکردوە لە گۆڕستانی موسڵمانان بەخاکیان سپاردوە، تا بانگەوازی عەباسی ساڵی (١٠٠ک) بە نهێنی دەستیپێکرد دواتر سەرکەوتن، گۆڕەکەیان هەڵکەندو لەگەڵ خۆیان برد،(ابن العساكر، ١٩٩٥،١٤/١٩٤).

لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا دوای ئەوەی سەری (الحسين) گەیشتوە بە (یزید) فەرمانیکردوە بەژن و کچەکانی لەسەر پلیکانەکانی مزگەوت ڕیزببن تا وەک دیلی جەنگ خەڵکەکە سەیریان بکەن، ئینجا بە دارێک بە دەموچاوی (الحسين)ی خشاندوەو شیعری وتوە، (المقدسي،د.ت، ٦/ ١٢؛الأصفهاني، ٢٠٠٧، ٦٧؛ الطبری، ٢٠١٢،٣/ ٣٤١ ؛المسعودي،١٩٨١،١/٣٧١)، بەڵام (الأصفهانی) هەرخۆشی دەڵێت دەڵێن ئەمە (عبيدالله بن زياد) بوە ئەم کارەی کردوە، (٢٠٠٧، ٦٧). لێرەدا (ابن العبري) ئەم دەقە بەرامبەر ئەمە دەهێنێتەوە: شیعە ڕافزییەکان لەبارەی ئەم ڕوداوە خستنەسەرو لێکدانەوەی زۆریان هەیە، (١٩٩٢، ١/ ١١١). (ابن التيمية)ش دەڵێت (یزید) فەرمانی نەکردوە بە کوشتنی (الحسين) پێشی خۆشنەبوە کە کوژراوە، (١٩٨٦،٤/٥٦٠).

بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەکان ڕوندەبێتەوە کە سەری (الحسين) نەنێردراوە بۆ شام بۆلای (یزید)، ئەگەر نێردرابێتیش، بەدار یاری بە ددانەکانی نەکردوە، لەبەرئەوەی هەروەک دەردەکەوێ کە یزید کوشتنی (الحسين)ی زۆر پێناخۆش بوە سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن، بەڵام سەرچاوەو گێڕانەوەکانی شیعە مەبەستیان لەم زێدەڕۆییانە تێکدانی ڕاستی ڕوداوەکان و دژایەتیکردنی (یزید)ە. توێژەرێک دەڵێت بڕیاری کوشتنی حوسێن بڕیاری کەسی (عبیدلله) بوە، پرسی بە خەلیفە (یزید) نەکردوە، هەر لەبەرئەوەش بوە کە (یزید) بە (علی بن حسین)ی وتوە کە من ئاگادارنەبوم، (الشيباني، ٢٠٠٩، ٣٢٨). دو جار داوای لێبوردنی لێکردوە لە کاتی گەڕانەوەشیان بۆ مەدینە و نەفرەتی لە کوڕی مرجانە کردوە وتویەتی بە خودا گەر من بومایە لێی خۆشدەبوم و نەمدەکوشت بە گریانەوە ئەم قسەیەی کردوە (الطبري،٢٠١٢،٣/٣١٧). هاوکات (یزید) (علی بن حسین)ی بانگکردوە نانی لەگەڵ بخوات، (یزید) بەرپرسیار نییە لە کوشتنی (حسین)و فەرمانی نەکردوە بە کوشتنی،(ابن العربي، ١٩٨٧،،١/٢٤٠-٢٤٢).

یاخود ئەو گێڕانەوەیەی کە ڕافیزەکان دەیگێڕنەوە دەڵێن ئافرەتانی بنەماڵەی (الحسین) بەبێ جلوبەرگ بەسواری وشتر و دەسوڕێنرانەوە لەم ڕۆژەوە ئەو دو گۆپکەی پشتی وشتر پەیدابوە بۆ شاردنەوەی عەورەتی ئافرەتانی بنەماڵەی (الحسین)، (ابن کثیر، ٢١٣/١٩٩٨،٨). ئەمەش یەکێکی ترە لە زێدەڕۆییەکان شتی ئاوا چۆن ڕودەدا ئەمانە گیاندارن لەئەزەلەوە بەم شێوەیە خودا خوڵقاندونی چۆن ئاوا لە ناکاوێک گۆپکەی پشتی پەیدادەکەن. (ابن تیمیة) وەڵامی ئەمەشی داوەتەوە دەڵێت ئافرەتانی بنەماڵەی هاشمی بە هیچ شێوەیەک بەبێ جلوبەرگ لەسەر پشتی وشتر نەسوڕێنراونەتەوە (٥٥٩/١٩٨٦،٤).

**تەوەرەی سێیەم**

## هۆکارەکانی زێدەڕۆییکردنی گێڕەوە و مێژونوسان دەربارەی بزوتنەوەی (الحسین بن علي)

ئاشکرایە نوسینەوەی مێژو کارێکی وا ئاسان نەبوە لەسەرەتادا لە زۆربەی ڕوەکانەوە هەم لەڕوی کەرەسەی نوسین و دەستکەوتنی زانیارییەکان، زانیاری لەسەر مێژویی ڕوداوەکان بە سێ شێوەوە دەست کەوتون:

١-بینینی ڕاستەوخۆ؛ واتا ئەو کەسەی ڕاستەوخۆ بە چاوی خۆی ڕوداوەکەی بینیوەو تۆماری کردوە، یاخود گێڕاویەتەوە بۆ ئەو کەسەی کە تۆماری کردوە.

٢-دەستکەوتنی دەق لە ڕێگەی پاشماوە شوێنەوارییەکانی ڕوداوەکە یاخود شوێنەکە، ئەمەش زیاتر وڵاتناسەکان و گەریدەکان بەم شێوەیە زانیاریان دەستکەوتوە.

٣-بیستنی لە گێڕەرەوەکانی ڕوداوە مێژوییەکان لەلایەن ئەو کەسانەی کە گرنگیان بە هەواڵ و ڕوداوە مێژویی و سیاسیەکان داوە دەماودەم گێڕاویانەتەوە، (عبدالحمید، ٢٠٠٨، ٥٠)، هەروەها لێکۆڵەران لە زانستی مێژو سێ جۆر مێژونوسیان لێک جیاکردۆتەوە:

١-گێڕەرەوە (الرواة): ئەوانەن کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی ئەو هەواڵەی کە گوێیان لێدەبێت جا گرنگ نییە ئەو کەسەی کە لێیەوە وەریدەگرێت یان گوێی لێدەبێت بیناسێ یان نا (السمعاني، ١٣٠/١٩٩٨،١). هەرچەندە تەنها گێڕانەوەکە بە بەس دەزانێت، بەڵام هەر کات سەیری بکرێت دیدەنی چاوەکان دەتوانێت ڕەخنە لە هەواڵەکان بگرێت و ڕاست هەڵبژێرێت و بەهێزی زانست دەتوانرێت لاپەڕەکانی حەقیقەت ڕوناکبکاتەوە، (أبن خلدون، ١١٨/٢٠١٦،١).

٢-هەواڵدەر (الاخباری) ئەمانە چیرۆک بەسەرهات و سەرگوزشتەیان دەگێڕایەوە و لە ئەزبەریان بوە لە هەمان کاتدا پارێزگارییان لە نەپچڕانی زنجیرەی گێڕەرەوەکان دەکرد، ئەو زانیارییەی کە هەیانبو لە کتێبێک کۆیان دەکردەوە و تۆماریان دەکرد، (السمعاني، ١٣٠/١٩٩٨،١).

٣- مێژونوس بەرهەمەکانی بریتییە لە ڕوداوە مێژوییەکان بە گوێرەی ڕێکەوت و ساڵ بە سودوەرگرتن لەو نوسراوانەی کە تایبەتە بە ڕوداوەکە، مێژونوس هەڵدەستێت بە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەو ڕەخنەگرتن لەم هەواڵانەی کە دەیگوازنەوە، لە هەمانکاتدا بە سودوەرگرتن لە زانستەکانی تر، (عبدالغنی، ١٩٩١، ١٢؛ الدوري، د.ت، ١٢٠-١٢١).

سەرهەڵدانی نوسینەوەی مێژوش سەرەتا کاریگەر بوە بەنوسینی فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، ئەوانەی کە مێژویان تۆمارکردوە فەرمودەنوس بون، بۆ نمونە (ابن الخیاط) لەبەرئەمەشە کتێبە مێژوییەکەی جیاوازە لەگەڵ مێژونوسانی تر گرنگی بە تۆمارکردنی ناوی شەهید و کوژراوان و ناوی فەرمانبەرانی ئیداری و دیوانەکان داوە، بە کۆنترین کتێبی مێژوی ئیسلام دادەنرێت کە بەدەستمان گەیشتوە لە شێوازە، بەهەمان شێوە (الطبري) لە کتێبەکەی (تاريخ الرسل والملوک) لەسەر ڕێبازی زنجیرەی گێڕەرەوەکان ڕۆیشتوە بێلایەن بوە، بڕیار و ڕای خۆی لەسەر ڕوداوەکە نەداوە لە کۆتایی گێڕانەوەکانی وتویەتی (خوا دەزانێت)، (فوزي، ٢٠٠٧، ٩٨؛ عزت، ٢٠٢٢، ١١٠).

مێژونوسە دیارەکانی مێژوی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتگیر مێژوی ڕۆژگارەکانی ڕابردویان کۆکردۆتەوە و تۆماریان کردوە، بەڵام کەسانی نەشارەزا هاتون بە شێوەیەکی تر ڕەنگڕێژییان کردوە پڕیان کردوە لە هەواڵی بێسەروبەر بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانیان و هۆکارەکانیان بزانن، ڕوداوەکانیان بە کەم وکورتی و زیادەڕۆییەوە گێڕاوەتەوە بەبێ ئەوەی بە شوێن زانیاریە دروستەکە بگەڕێن نادروست فڕێدەن، هەر بۆیە شێوازی لێکۆڵینەوەی کەم و تێڕوانینی پاڵفتەکردنی زۆر لەسەرخۆ وایان لێهاتوە هێندە هەڵەیان تێکەڵ بە مێژو کردوە هەروەک بڵێی خزم و دۆستی مێژون.(ابن خلدون، ٢٠١٦،١/١١٧).

دەتوانین دیارترین هۆکارەکانی زێدەڕۆیی لە بزوتنەوەی (الحسين بن علی) لەسێ هۆکاری سەرەکیدا کورتبکەینەوە:

## ١- کاریگەری دەمارگیریی ئاینزایی لەسەر مێژونوسان

کارێکی ئاسان نییە بۆ مێژونوس بتوانێ خۆی ڕزگاربکات لەو بیرو لاینگیرییەی کە هەیەتی بۆ ئایین و ئایینزاکەی، سێ سەدەی یەکەمی مێژوی ئیسلامی جیادەکرێتەوە بەوەی کە بیرۆکە و گروپی ئاینی و سیاسی سەریانهەڵدا کە ڕەنگدانەوەی هەبو لەسەر نوسینە مێژوییەکان.(عزت، ٢٠٢٢، ١١٧).

(ابن خلدون:٨٠٨ک) دەڵێت: یەکێک لەو هۆکارانەی کەوا ڕاست و ناڕاست لە مێژودا دەشێوێنێ بریتییە لە پەیرەویکردن لە بۆچون و بیروباوەڕە ئایینزاییەکان، چونکە ئەگەر ڕۆحی مرۆڤ لە کاتی وەرگرتنی هەواڵدا لەسەر ڕێڕەوێکی مام ناوەند بێت لە ڕوانگەی ڕاستی و ناڕاستی و وردەکارییەکانەوە مافی خۆی پێدەدات، تاوەکو ڕاستییەکانی لە درۆ جیابکاتەوە و ئاشکرای بکات، بەڵام ئەگەر بیرو هۆشی لای ئایینزاکەی و یا

بیروباوەڕێک بێت، ئەوا بێ وەستان هەر هەواڵێک کە دەیبیستێت ئەگەر لەگەڵ بیروباوەڕەکەی گونجاوبێت قبوڵی دەکات، ئەو حەزوئارەزو پەرەستییە وەک وایەکە پەردەیەک دیدەی بینینی ئەو دادەپۆشێت و لە ڕەخنەو پاڵفتەکردنی هەواڵ دوری دەخاتەوەو سەرەنجام لە گێژاوی قبوڵکردن و گواستنەوەی هەواڵ ڕۆدەچێت.(٢٠١٦،١/ ١٨٠).

هەروەها دەوترێت زۆربەی گێڕەرەوەکانی مێژوی ئومەوی ڕافیزەکان و لایەنگری شیعەکان بون، (شاهین، ٢٠٠١، ٧٨)، (ابن العربي) دەڵێت ئاگاداربن هەواڵ لە خەڵکی ئاڵودە وەرمەگرن و گوێی پێمەدەن چی دەڵێن، تەنها لە کەسانی ڕاستگۆ وەرگرن، گوێ لە وتەی مێژونوسان مەگرن تەنها (الطبري) نەبێ ئەویش لەبەرئەوەی زنجیرەی نەپچڕاندوە، لە هەمانکاتدا ڕەتی پشتبەستن بە هەندێ سەرچاوەی مێژوی ئەدەبی دەکاتەوە کە پڕیەتی لە بابەتی پڕوپوچ و هەڵبەستراو وەکو کتێبی (الامامة والسیاسة) کە پشتڕاستی دەکاتەوە خودی مێژونوس (ابن القتیبة) نییە، دەڵێت (المسعودي) لایەنگریی بۆ شیعەکان هەیە چەندین کارو کردەوەی نابەجێ و بێ بنەمای خستۆتە پاڵ خەلیفەکانی ئومەوی، (١٩٨٧، ٢٦٢-٢٦٣). (السخاوي) دەڵێت: مەرجە مێژونوس دادپەروەر بێت، هێمای نهێنی بەکارنەهێنێت بۆ ئەو شتەی کە ڕقی لێیە بە هۆی کێبەرکێیەک کە لە نێوانیان هەیە، دەبێ ئەو کەسەی کە لەبارەیەوە دەنوسێت بیناسی و زانیاری تەواوی دەربارەی هەبێ تاوەکو ڕوبەڕوی هەواڵدانی هەڵە و بوختان نەبێتەوە، (١٩٨٦، ١٢٠). (ابن کثیر) وەڵامی زۆربەی ئەوانەی داوەتەوە کە بۆنی و ڕافیزەو شیعەگەرییان لێدێت، هەرلە بارەی کوشتنی ئیمام (الحسین) دەڵێت نەزان و ڕافیزەکان وتەو قسەی ناڕاستی زۆریان کردوە لە بارەی ڕۆژی کوشتنی ئیمام حسین چی ڕویداوە بە شەهیدکردن و مردنی ئەو کە بەر لە ئەو بۆ کەسی تر ڕوینەداوە وەک ڕۆژ گیران، سوربونی ئاسمان و .....هتد. (١٩٨٨،٨/٢٢١).

دوای ئاگادارکردنەوەو شاهێدیدانی مێژونوسان لەم بارەوە، لەدیارترین ئەو مێژونوسانە دیاردەکەین کە گومانی ئەم جۆرە لایەنگیرییان لێدەکرێت بۆ گێڕانەوەی دەقی مێژویی لەبارەی بزوتنەوەکەی (الحسین بن علی) لەم توێژینەوەیە پشتمان پێبەستون، بۆ نمونە (الیعقوبي) لە کتێبی (تاریخ الیعقوبي) کە بۆ ئەم ڕوداوە زانیاریمان لێوەرگرتوە هەرچەندە هیچ ئاماژەیەکی ڕون نییە کە ئایینزاکەی چی بوە، بەڵام هەندێ لە توێژەران دەگەنە ئەو بڕوایەی کە لایەنگری بۆ شیعەی ئیمامی هەبوە، ئەویش دەوترێت ئەو مەیل و لایەنگرییەی لە باپیرەیەوە (واضح) وەریگرتوە لەبەرئەوەی لای ئەو پەروەردەبوە، (حمیدة، ١٩٨٠، ١٤٥). بەڵام کتێبەکەی بە ئاشکرا مەیلی شیعەگەری پێوەدیارە، دان بە خەلافەتی هیچ خەلیفەیەکدا نانێت تەنها (علی بن ابی طالب و حسن) کوری، لە باسی هەمو خەلیفەکانی دیکەدا دەڵێت ڕۆژانی فلان، سەبارەت بە ڕوداوی کوشتنی (حسین) گێڕانەوەی پەرجویی و نەگونجاو لەگەڵ ژیریدا گێڕاوەتەوە دەربارەی کوژرانی (الحسین).

(الطبري:٣١٠ك) جیادەكرێتەوە بەوەی كە هەوڵی داوە بێلایەنی خۆی لەزۆربەی بابەتەكان نیشان بدات و حوكم لەسەر هیچ نەدات بەڵكو لەدوای هێنانەوەی گێڕانەوەی زۆربەی دەقەكان وتویەتی (واللهأعلم)، بەڵام پشتبەستنی بە هەندێ گێڕەڕەوەی ڕافیزەو درۆزن وایكردوە كە وتەی ناڕاست و دەمارگیریش لە كتێبەكەی بەرچاوبكەوێ، (عزت، ٢٠٢٢، ١١٠)، واتا پشتبەستنی مێژونوسی ناوبراو بە گێڕەرەوەی شیعە و ئەو باردۆخەی كە تێیدا ژیاوە وای كردوە بۆنی شیعەگەری لە نوسینەكانی بێت، لەم ڕوداوەش هەروەك باسمان كرد باسی ئەو بارودۆخە دەكات كە دوای كوشتنی ئیمامی حسین ڕویداوە و زێدەڕۆیی پێوە دیارە، زۆربەی ئەو دەقانەی لەم بابەتە بە پلە یەک لە (أبو المخنف)ی وەرگرتوە، ئەمەش دیارە هەروەک دەوترێ خەڵكی كوفە بوە، باپیرە گەورەی هاوەڵی ئیمام (علی) بوە، چەندین كتێبی هەیە لەسەر ئیمامی علی و شەڕی صفین و كتێبێكی تایبەتی هەیە لەسەر كوشتنی ئیمام (حسین)، بەشێک لە زانیارییەكانی نێو ئەو كتێبانە لە ڕێگەی مێژونوسانی دیكەوە گواستراوەتەوە، بۆیە لەلای توێژەران نوسینەكان بە شیعەگەری و بەڵكو بە دەمارگیریش ناوزەنكراوە. (ولی، ١٩٩٤، ٨٥- ٨٦؛ السالم، ١٩٦١، ٦٨).

(ابن اعثم)یش یەكێكە لە مێژونوسە دیارەكان، هەندێک دەق لە كتێبەكەی لایەنگیری شیعەی پێوە دیارە بەڵام بە دەمارگیریەوە نا، لە زۆربەی بابەتەكان هەوڵی داوە دادپەروەر بێ، بەڵام سەبارەت بە ڕوداوی كوشتنی ئیمام (حسین) چەندان فەرمودەو وتەی هەڵبەستراو دور لە ڕاستی و نەگونجاوی گێڕاوەتەوە كە ژێری قبوڵی ناكات هەروەک لە نێو زێدەڕۆییەكان ئاماژەمان بۆ كردوە.

سەبارەت بە (المسعودي) لەڕوی لایەنگیریەوە (الذهبي) كە باسی دەكات دەڵێ موعتەزیلە بوە، (١٩٨٥، ٥٦٩/١٥)، بەڵام هەندێک بەڵگەو گێڕانەوەی نێو كتێبەكانی ئاماژە دەدەن كە لایەنگیری بۆشیعە هەبوە، بەو مانایەی عەلی بە شیاوتر زانیوە بۆ خەلیفایەتی لە ئەبوبەكرو هاوەڵانی، بە بەڵگەی ئەوەی كتێبێكی تایبەتی لەسەر (عەلەوییەكان) هەیە، (السكويت) دوای خوێندنەوەی بۆ بەرهەمەكانی مێژونوس گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی كە مەیلی بەهێزی شیعەگەری و خۆشەویستی زۆری بۆ بنەماڵەی علی بێسنورە، تەنانەت زێدەڕۆیی دەكات لە بەرزكردنەوەی پلەو پایەیان.(١٩٨٦، ٧٢- ٧٤)،

(الأصفهانی) هەردو كتێبەكەی (الأغاني- مقاتل الطالبيين) لەم توێژینەوەیە زانیاری لێوەرگیراوە، (ابن الجوزي) دەڵێ شیعەیە گێڕانەوەكانی جێگەی متمانەنین (١٨٥/١٩٩٢،١٤). بەڵام مێژونوسانی تر بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن ئومەوی شیعی بوە، (الذهبي، ١٩٨٥، ١٦/ ٢٠٢؛ ابن العماد، ١٩٨٦، ٤/ ٢٩٢)، بەڵام نوسینی كتێبی (مقاتل الطالبيين) ئاماژەیەكی ڕونی شیعەبونیەتی، گێڕانەوەكانی دەربارەی ئەم ڕوداوەی كوشتنی ئیمام (الحسين) دەچێتە قاڵبی زێدەرۆیی و دەمارگیری ئایینزایی، هەروەک لە نێو بابەتەكە ئاماژەی بۆ كراوە.

هاوکات مێژونوسە سوننە ئاییزاکان وەک (ابن كثير) و (ابن التيمية)لە هەریەک لەم بابەتە مێژوییانەی کە بە لایەنگریی و دەمارگیری بۆ ئایینزای شیعە نوسراون و دورن لە ڕاستی ڕوداوەکە و هەڵبەستراون، هەوڵیان داوە وەڵامی بدەنەوە و ڕاستی بکەنەوە، بۆیە بۆ بزوتنەوەکەی (الحسين بن علي)یش وەڵامی ئەو وتە ناڕاست و زیادەڕۆیانەیان داوەتەوە کە لەلایەن هەندێ مێژونوس کراوە هەروەک لە نێو دەقە زێدەڕۆییەکانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بۆ کراوە.

## ٢- کاریگەری سیاسیەت و دەمارگیری سیاسی بەسەر مێژونوسان

وەک ئاشکرایە نوسینەوەی مێژوی ئیسلامی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا دەستیپێکرد، پێشتر زانیارییەکان داماودەم گێڕدراوەتەوە و گواستراوەتەوە بۆ ئەوەی دواتر، (حاجى خليفە،١٩٩٢،١/٤٣)، بەر لەم مێژوە هەندێ کتێب هەبون نوسرابون، بەڵام بەشێکی زۆر یاخود دەتوانین بڵێین هەمو بەرهەمە مێژوییە نوسراوەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی فەوتێنرابون و لەناوچوبون بە هۆکاری جیاجیا، بۆیە لەڕێگەی مێژونوسانی دواتر بە هێنانەوەی ناوی گێڕەوەکان بە دەستمان گەیشتن، ئەمەش یەکێک بوە لەو هۆکارانەی کە مێژوی ئومەوی بە دەستکارییەوە بنوسرێتەوە.(شاهين، ٢٠٠١، ٢٧).

نوسینی مێژو لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی خەلیفە و چینە تایبەتەکان بو، ئەوەتا هەوڵیاندەدا مێژونوسان لەخۆیان نزیکبکەنەوە و هانیانبدەن، داوایان لە هەندێکیان دەکرد کە ژیاننامەیان بنوسنەوە، (عزت،٢٠٢٢، ١١٥)، بۆ نمونە مێژونوسی ناودار (البلاذري) پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی عەباسییەکان هەبوە بەخێوکەری خەلیفە (المعتز بن المتوكل:٢٥٢ک) بوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دەوترێت کە نوسینەکانی بابەتین و دورن لە لایەنگری، کەچی لایەنگری بۆ خەلیفە عەباسییەکان پێوە دیارەو ستایشیانی کردوە، دەوترێت کە ئەمە کاریگەری گێڕەرەوەکانە لەسەر نوسینی کتێبەکەی، (مصطفى، ١٩٧٩،١/٢٤٥)، لەبارەی بزوتنەوەی (الحسين) ئەو زانیارییانەی کە وەریگرتون زۆربەی لە گێڕانەوەکانی (ابى المخنف)ەکە ئەویش دیارە دوژمنی سەرسەختی ئومەوییەکان بوە. (ابن خلدون) دەڵێت: درۆکردن لە گێڕانەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکبونەوە لە خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەکان لە ڕێگەی پیاهەڵدان وستایش کردنیان و بە چاکە باسکردنیان، چونکە دەرونی مرۆڤەکان زۆرر ویست و حەزیان لە کارو ڕەفتارە نایابەکان نییە و ناشبنە کێبرکێکاری چاکەکاران.(٢٠١٦،١/ ١٨٠).

کتێبی مێژویی و ژیاننامەکان وێنەی بەشێک لەو ترساندن و دڵەڕاوکێیەی ئەو سەردەمەیان بۆ گواستوینەتەوە کە مێژونوسان تێیدا ژیاون، بۆ نمونە داواکردنی خەڵکی گشتی و چینی تایبەت بە کوشتنی مێژونوس (الصولي:٣٣٦ک/٩٤٧ز)بە هۆی ئەوەی کە هەواڵێکی تۆمارکردبو دژی (على بن آبى الطالب) لە

کاتی خۆحەشارداندا مردوە، یاخود کوشتنی (ابو العبر الهاشمی)[٧] ساڵی(٢٥٠ک/٨٦٤ز) خستنە خوارەوەی لە خەودا لەشوێنی خەوەکەی لەسەربان. (ابن الندیم، ١٩٨٧، ١٨٤-٢١٥-٢١٧).

لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین هۆکاری سیاسی کاریگەری خۆی هەبوە لەزێدەڕۆییکردن لە گێڕانەوە مێژوییەکانی بزوتنەوەکەی (الحسین بن علي) و ڕوداوەکانی و شێوازی بەرەنگاربونەوەی سوپای ئومەوی و مامەڵەیان لەگەڵ حسین و هاوەڵ و خاو وخێزانەکەی ئەمەش وەک کارێکی پیلان بۆدارێژراو دەبینرێت لەلایەن مێژونوسانی سەردەمی عەباسی بە مەبەستی قێزەوەن کردنی مێژوی ئومەوییەکان و وێناکردنیان بە خوێنڕێژ.

## ٣- نەبونی میتۆدی ڕەخنەو هەڵسەنگاندن لەلایەن مێژونوس

هەبونی متمانەیەکی تەواو بە گێڕەوەکان و نەبونی هەستی ڕەخنەیی لەلایەن مێژونوسانەوە کاری کردۆتە سەر ئەوەی بەشێک لە ڕوداوەکان بە زێدەڕۆییەوە بترازێندرێن.

هەندێک لە مێژونوسان دەربارەی هەر ڕوداوێکی مێژویی هەرچی گێڕانەوە و وتە هەیە هەموی تۆمار دەکەن، کتێبەکەیان نقومی گێڕانەوەکان دەکەن بە شێوەیەک نەسەرەتای هەیە نەکۆتایی، کە ئەستەمە بۆ خوێنەر لە نێو ئەم هەمو گێڕانەوەیە ئەوەی مەبەستیەتی بیدۆزێتەوە، وەک ئەوە وایە کە مرواریییەکی بە نرخ لە نێو دەریا و شەپۆڵەکانی بدۆزیتەوە، (خلیل،٢٠٠٥، ٢٣) واتا هەرچی ڕوداو هەیە مێژونوس تۆماریدەکات لەم بارەشدا ڕاست هەڵە و وتەی زێدەڕۆیشی تێدەکەوێ بۆ نمونە وەک گێڕانەوەکانی (الطبري) ئەوەندە زۆرن گێڕانەوەی زێدەڕۆیشی تێکەوتوە، یا هەندێجار مێژونوس هەڵوەستەی ڕای گشتیشی کردوە بۆ تۆمارکردنی ڕوداوەکە کە ئایا خەڵک قبوڵیەتی یا نا بۆ نمونە لە ڕوداوەکانی ساڵی (٣٠ک) لە دەقێکدا دەڵێت: ((لآمور لا تحتملها العامة))، (٦٤٢/٢٠١٢،٢)بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی گێڕانەوە مێژوییەکان بارودۆخی ئەو سەردەمەی مێژونوسی تێدا ژیاوە بێنینە بەرچاو.

جۆرێک لە نوسەر و کتێبی ئەدەبی لەو سەردەمە هاتبونە ئاراوە کە پێکهاتەی کتێبەکانیان جۆراوجۆر بو، چەند لایەنێکی دەگرتەخۆ لە شیعر و وتار هونەر و زانیاری گشتی....لە نێویشیدا زانیاری مێژویی، زیاتر لەم جۆرە کتێبانە زێدەڕۆیی دەبینرا بە هۆی گرنگینەدانی نوسەر بە میتۆدی کتێبەکەی و ڕاستی زانیارییەکانی، هەندێک جاریش بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر پێدانی داڕشتنێکی جوانتر بۆ بەرهەمەکەی نمونەشمان بۆ ئەمە (الاصفهانی، ابن عبدربە، الجاحظ، المبرد)، (عبدالحمید،٢٠٠٨، ٥٩).

(ابن خلدون) لەو بارەوە چەند هۆکارێک دەستنیشاندەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی تۆمارکردنی ڕوداوەکانی مێژو لە میتۆدە زانستیەکەی دەربچێت، ئەوانیش بریتین لە بێئاگایی مێژونوس لە مانا و مەبەست چونکە زۆرێک لە گێڕەوەکان بنج و بناغەی هەواڵەکان نازانن و بەپێی لێکدانەوەی خۆیان دەیانگێڕنەوە و دەکەونە درۆ، و باوەڕبونی تەواو بە گێڕەڕەوەکان، یاخود نەزانینی چۆنیەتی جێبەجێکردنی حاڵەتەکان بەسەر

ڕوداوەکان بە هۆی ئەوەی کە هەواڵەکە بە فرۆفێل بەڕاست نیشان دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هەواڵە درۆیە و دورە لە ڕاستییەوە (١٨٠/٢٠١٦،١)، مێژونوسان بە چاوپۆشی لە گێڕەرەوە کە ڕاست بێ یا نا بە بێکەم و زیاد گێڕاویانەتەوە توشی لە خشان بون، چونکە ئەوان ڕوداوەکانیان بەپێی بنەماکان هەڵنەسەنگاندوە، بە پێوەری دانایی و ئاگایی بەسیرەتەوە نەچونەتە قوڵاییانەوە بەر لەوەی بگەنە حەقیقەت لە شیوی هەڵەدا گومڕابون، (ابن خلدون،٢٠١٦، ١٢٨/١)

## ئەنجامەکان

١- کەسایەتی (حسین بن علی) و بزوتنەوەکەی و شەهیدکردنی یەکێکە لە ڕوداوە مێژوییە گرنگەکانی سەردەمی  ئومەوی کە جێگەی بایەخی زۆربەی مێژونوسان بوە.

٢- مێژونوسان لە بارەی کەسایەتی و شەهیدکردنی (حسین بن علی) بەهاوسۆزیەوە نوسیویانە، بەهێنانەوەی چەندان فەرموده و پێشبینی هەڵبەستراو لەلایەن پێغەمبەر (د.خ) بۆ (حسین بن علی) لایەنگری و دەمارگیری ئایینزایی کاری لە نوسینەکانیان کردوە.

٣- زێدەرۆیی کراوە لە سەرچاوەکان لە بارەی ژمارەی ئەو کەسانەی بەیعەتیان بە ئیمام (حسین) دابو لە کوفە، هەروەها لەژمارەی کوژراوانی کوڕی فاتیمەی کچی پێغەمبەر (د.خ).

٤- زێدەرۆیی زۆر سەیر و هەڵبەستراو کراوە لەم دیاردە سروشتی و ڕوداوانەی کە ڕویداوە لە کاتی و دوای کوشتنی (حسین کوڕی علی) وەکو ڕۆژگیران و مانگ گیران و خوێن بارین ...هتد.

٥- زێدەرۆیی کراوە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ لاشەی و سەری (حسین) دوای کوشتنی و هەروەها لەگەڵ ئافرەتان و بنەماڵەکەی دوای ڕوداوەکە.

6ـ لەدوتوێی توێژینەوەکە شیکاری کراوە بۆ ئەگەرەکانی زێدەڕۆیی لای مێژونوسان کە بەکاریگەری دەمارگیری ئایینزایی و سیاسی و هۆکاری پەیوەست بەمیتۆدی مێژونوس لەتۆمارکردنی ڕوداوەکان بوە.

# The Excess and Fabrication about Historical novels of Movement (Hussein son of Ali) in (61 K/683AD)

**Taban Sabah Perbal[1] Fayza Mohammad Izzat[2]**

[1+2]History Department, Colage of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

Hussein son of Ali's movement is one of the most interesting events of the Umayyad era that attracts the attention of many historians, especially because he was martyred as a result of this movement in the year 61 A.D., which It is worth noting that some historians have exceeding the recording of the events of this movement in narrating some phenomena and events after the revolution that are far from the truth, which is due to the sympathy of the historian's supporters and the influence of the political side.

In writing history in the later Abbasid era, except for the critical deficiencies in recording history in this era, this research shows all the excesses in the event with the cause of excess, and at the same time the response and attention of some later historians on the excesses of this event.

**Keywords**: Excess- Hussein son of Ali- Karbala incident

## سەرچاوەكان

ابن الأثير: ابو حسن على بن أبى الكرم محمد الشيبانى الجزري (ت٦٣٠هـ/١٢٣٢م)، ١٩٩٧، الكامل في التاريخ، بيروت.

الأصفهاني: أبى الفرج على بن الحسين الاصفهانى (ت٣٥٦هـ/ ٩٦٧م)، ٢٠٠٧، مقاتل الطالبين، ط١، اعتني به، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن أعثم: أبى محمد بن أعثم الكوفى (ت٣١٤هـ/ ٩٢٦م)،١٩٩١، كتاب الفتوح، تحقيق على شيري، ط١، دار الاضواء، بيروت.

البلاذري: أحمد بن يحيى بن جابر (ت ٢٧٩هـ/٨٩٢م)، ١٩٩٦، أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار، ط١، دار الفكر، بيروت.

البيهقي: ابراهيم بن محمد (ت٣٢٠هـ/٩٢٣م)،١٩٦٠، المحاسن والمساوي، دار الصادر، بيروت.

ابن تيمية: تقى الدين أبو العباس أحمد (ت٧٢٨هـ/١٣٢٢٧م)، ١٩٨٦، منهاج السنة النبوية، ناشر جامعة الأمام محمدبن سعود الاسلامية، الرياض.

ابن الجوزي: جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن على (ت٥٩٧ هـ/١٢٠٠م)، ١٩٩٢، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

حاجي خليفة: مصطفى بن عبدالله القسطنطيني الرومي (ت١٠٦٧هـ/١٦٥٦م)،١٩٩٢، كشف الظنون عن آسامي الكتب والفنون، دار الكتب والعلمية، بيروت.

ابن خياط: ابى عمر و خليفة بن الخياط بن ابى هبيرة (ت ٢٤٠ هـ/ ٨٥٤م)، ١٩٩٥، تاريخ خليفة بن الخياط، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الخطيب البغدادي: احمد بن على (ت٤٦٣هـ/١٠٧٠م)، ٢٠٠٢، تاريخ بغداد، تحقيق: د. بشار عواد معروف، ط١، دار العرب السلامي، بيروت.

-ابن خلدون: عبدالرحمن بن خلدون، ٢٠١٦، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و: سەعید بەشیر، چاپی یەكەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

الدينوري: أبي حنيفة أحمد بن داؤد (ت٢٨٢هـ/٨٩٥م)،١٩٦٠، الأخبار الطوال، تحقيق: عبدالمنعم عامر، مراجعة: د، جمال الدين الشيال، ط١، دار الاحياء،القاهرة.

الذهبي: شمس الدين أبو عبدالله محمد بن احمد(ت٧٤٨هـ/١٣٤٥م)، ١٩٨٥، سير أعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف شعيب أرناوط، ط٣، مؤسسة الرسالة، د.م.

الرماني:ابي حسن علي بن عيسى الرماني(ت٣٨٤هـ/٩٩٤م)١٩٣٤،كتاب النكت في اعجاز القرآن،عنى بتصحيحه:د.عبدالعليم،مكتبة الجامعة الملية الاسلامي دهلي.

ابن سعد: ابو عبدالله محمد بن سعد (ت٢٣٠هـ/٨٤٤م)، ١٩٩٠، طبقات الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العملية، بيروت.

السمعاني: ابي سعيد عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي (ت٥٦٢هـ/١١٦٦م)، ١٩٩٨، الانساب، محقق: عبدالله عمر البارودي، دار الفكر، بيروت.

السخاوي: محمد بن عبدالرحمن بن محمد شمس الدين(ت٩٠٢هـ/١٤٩٧م)، ١٩٨٦، الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التاريخ، تحقيق: د. صالح احمد العلى، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت.

الطبراني: ابو القاسم سليمان بن احمد بن ايوب (ت٣٦٠هـ/٩٧١م)، ١٩٩٢، مقتل الحسين بن علي بن أبي طالب، تحقيق؛ محمد شجاع ضيف الله، دار الأوراد، الكويت.

الطبري: محمد بن جرير(ت٣١٠هـ/٩٢٢م)، ٢٠١٢، تاريخ الرسل والملوك، ط٥، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن عبدربه: أبى أحمد بن محمد بن عبدربه الأندلسي(ت٣٢٨هـ/ ٩٤٠م)،١٩٨٣، كتاب العقد الفريد، تحقيق: د. محمد التونجي، ط١، الكتب العلمية، بيروت.

ابن العربي: القاضي محمد بن عبدالله أبو بكر بن العربي(ت٥٤٣ هـ/١١٤٨م)، ١٩٨٧، العواصم من القواصم، تحقيق: محى الدين الخطيب- محمود مهدى الاسطنبولي، ط٢، دار الجيل، بيروت.

ابن عساكر: أبو قاسم على بن الحسن بن هبه الله (ت٥٧١هـ/ ١١٧٥م)، ١٩٩٥، تاريخ دمشق، تحقيق: عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت.

ابن العمراني: محمد بن على بن محمد(ت٥٨٠هـ/١١٨٤م)،٢٠٠١، الانباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق: قاسم السامرائى، ط١، دار الاقاق العربية، د.م..

ابو العرب: محمد بن احمد بن تميم المغربي(ت٣٣٣هـ/٩٤٤م)، د. ت، المحن، تحقيق: د. عمر سليمان العقيلى، دار العلوم، ط١، الرياض.

ابن العبري: غريغوريۆس ابن هارون بن توما الملطي،(ت٦٨٩هـ/١٢٩٠م)، ١٩٩٢، مختصر تاريخ الدول، تحقيق: آنطون صالحاني اليسوعي، ط٣، دار الشرق، بيروت.

ابن العماد: عبدالحي بن احمد بن محمد الحنبلي (ت١٠٨٩هـ/١٦٧٨م)، ١٩٨٦، شذرات الذهب في أخبار من الذهب، تحقيق: محمود الأرناؤوط، ط١، ابن كثير، دمشق.

ابن قتيبة: ابو محمد عبدالله بن مسلم الدينوري(ت٢٧٦ هـ/٨٨٩م)، ١٩٩٧، الأمامةو السياسة، تحقيق: خليل منصور، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن كثير: أبو فداء إسماعيل بن عمر (ت٧٧٤ هـ/١٢٧٢م)، ١٩٨٨، البداية والنهاية، تحقيق: على شيري، ط١، دار الأحياء التراث، د.م.

الكفوي: ابو البقاء ايوب بن موسى الحسينى القريمى(ت١٠٩٤هـ/١٦٨٢م)،١٩٩٢، الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية، تحقيق؛ عدنان درويش، و محمد المصري، مؤسسة الرسالة، بيروت.

المسعودي: ابو حسن على بن الحسين بن على(ت٣٤٦ هـ/٩٥٧م)، ١٩٨١، التنبية والاشراف، دار والمكتبة الهلال، بيروت.

المقدسي: المطهر بن طاهر(ت٣٥٥هـ/٩٦٦م)، (د.ت)،البدء والتاريخ، مكتبه الثقافة الدينية، بورسعيد.

ابن مسكويه: أبو على أحمد بن محمد بن يعقوب(ت٤٢١هـ/١٠٣٠م)، ٢٠٠٠، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: ابو القاسم إمامى، ناشر سروش، طهران.

ابن منظور: محمد بن مكرم بن علي(ت٧١١هـ/١٣١١م)،١٩٩٣، لسان العرب، ط٣، دار الصادر، بيروت.

ابن النديم: محمد بن اسعاف أبو الفرج النديم (ت٣٨٥هـ/٩٩٥م)، ١٩٧٨، الفهرست، دار المعرفة، بيروت.

الهروي: محمد بن آحمد بن الأزهري(ت٣٧٠هـ/٩٨٠م)، ٢٠٠١، تهذيب اللغة، تحقيق: محمد عوض مرعب، ط١، دار آحياء التراث العربي، بيروت.

اليعقوبي: أحمد بن أبي بعقوب بن جعفر (ت بعد ٢٩٢هـ/٩٠٤م)، ١٩٧٤، تاريخ اليعقوبي، قدم له و علق عليه: محمد صادق فكرالعلوم، ط٤، المكتبة الحيدرية، النجف.

## ژێدەرەكان

1. حميدة: د. عبدالرحمن،١٩٨٠، آعلام الجغرافيين العرب، ط٢، دار الفكر، دمشق.
2. خليل:عمادالدين،٢٠٠٥،حول اعادة كتابة التاريخ الاسلامي،ط١،دار ابن كثير،بيروت.
3. الدوري:عبدالعزيز،د.ت،نشآة علم التاريخ عند العرب،مركز زايد للتراث والتاريخ،الامارات.
4. السكويت، د. سليمان عبدالله المديد،١٩٨٦، منهج المسعودي في الكتابة التاريخ، ط١، السعودية.

السالم: د. السيد عبدالعزيز،١٩٦١، التاريخ والمؤرخون العرب، دار النهضة العربية، ط١، بيروت.

الشيباني: محمد بن عبدالهادى بن رزان، ٢٠٠٩، مواقف المعارضه فى عهد يزيد بن معاويه (٦٠-٦٤هـ)، ط٢، دار النشر، رياض.

شاهين: د. حمدي، ٢٠٠١، الدولة الاموية المفترى عليها، ط١، دار القاهرة للكتاب، القاهرة.

عزت: د. فائزة محمد، ٢٠٢٢، دراسات عن الكتابة التاريخية فى العصور الاسلامية، ط١، مكتبة التفسير، أربيل

عبدالحميد: صائب، ٢٠٠٨، علم التاريخ ومناهج المؤرخين، ط٢، مركز الغدير، بيروت.

عبدالغني: يسرى، ١٩٩١، معجم المؤرخين المسلمين حتى القرن الثاني عشر الهجري، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

عبدالحميد: د.آحمد المختار(ت١٤٢٤هـ/٢٠٠٣م)، ٢٠٠٨، معجم اللغة العربية المعاصرة، ط١، عالم الكتب، بيروت.

فلهاوزن: يوليوس، د.ت، الخوارج والشيعة، أحزاب المعارضة الرئيسيةفي الأسلام، ت: د. عبدالرحمن البدوي، مكتبة النهضه المصرية.

فوزى: فاروق عمر، ٢٠٠٩، الخلافة الاموية دراسة لأول أسره حاكمة في الاسلام، ط١، دارالشروق، عمان.

فوزي: فاروق عمر:٢٠٠٧، نقد الرواية التاريخية عند المسلمين، مركز زايد للتراث والتاريخ، ط١، آبوظبي.

مصطفى: شاكر،١٩٧٩، التاريخ العربي والمؤرخون، ط٢، دار العلم الملايين، بيروت.

ولى: د. عبدالعزيز محمد نور،١٩٩٤، آثر التشيع على الروايات التاريخية في القرن آلآول الهجري، (د.م).

## فەرهەنگەکان

٥٣-حسن: شوکت ملا أسماعیل،٢٠٠٧،فەرهەنگی شوان(کوردی-کوردی)،تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە،چاپی یەکەم،هەولێر.

٥٤-روحانی: ماجد مردوخ،٢٠٠٨، فرهنگ فارسی کردی، چاپ اول، دانشگاه کردستان، سنندج.

٥٥-موکریانی: هەژار،١٩٩٥، هەمبانە بۆرینە(کوردی-فارسی) چاپی دوەم، مجتمع فرهنگی سروش، تهران.

٥٦-نیزامەددین: فازل، (ب.س)،فەرهەنگی ئەستێرە گەشە(کوردی-عەرەبی)، سەرنوسەر بەدران حەبیب، چاپی سێیە م دەزگای ئاراس، هەولێر.

## -پەراوێزەکان

(i) حجر بن عدی: لە هۆزی (کندی)،ە ناسراو بو بە (ابو عبدالرحمن الشهید) هەروەها بە (حجر الخیر) بۆ جیاکردنەوەی لە کوڕە مامەکەی کە ئەویش (حجر الشر) بو، کەسێکی باوەڕدار بوە، یەکێک بو لە لایەنگرانی (علی) (ر.خ)، بەشداری شەڕی (صفین) کردوە، ساڵی (٥١ک/٦٧١ز) لەلایەن (معاویة بن أبو سفیان) دەکوژرێ .ابن سعد،6،١٩٩٠/٢٤٧.

(ii) سلیمان بن صرد الخزاعي: کونیەی (أبا مطرف)ە، لە کوفە نیشتەجێبو، لەگەڵ ئیمام علي بەشداری شەڕی (صفین)ی کردوە، یەکێک بوە لەوانەی کە بۆ (حسین)ی نوسیوە بێت بۆ (کوفە)، بەڵام کە هاتوە پشتی بەرداوە، کە کوژراوە زۆر نارەحەت بوە و پاشگەزبۆتەوە، بۆیە لە (النخیلة) کۆدەبێتەوە لەگەڵ لایەنگرانی بە ناوی (التوابین) داوای تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی (حسین) دەکەن، لەشەڕدا لەگەڵ سوپای ئومەوی ساڵی(٦٥ک/٦٨٥ز) لەلایەن (حصین بن نمیر) دەکوژرێ. ابن سعد،٦،١٩٩٠/١٠٢.

(iii) ولید بن عتبە: بن صخربن أبي سفیان بن حرب واتا معاویة مامیەتی والی مەدینە بوە لەسەردەمی هەریەک لە معاویة و یزید، دەوترێ داوای خەلافەتی کردوە لەدوای مردنی (معاویة بن یزید)، بەڵام توشی نەخۆشی طاعون بوە مردوە. ابن عساکر،٦٣،١٩٩٥/٦١٠.

(iv) عبدالله بن زبیر: بن عوام بن خویلد، (أبو خبیب)یشی پێدەوترا، یەکەم منداڵی کوڕە لە دوای کۆچکردن بۆ مەدینە لە ساڵی (٢ک/٦٢٤ز) لەدایکبوە، دایکی ئەسما کچی أبوبکری صدیقە لە دوای شەهیدکردنی ئیمام حسین لە کەربەلا هەڵگەڕانەوەی ڕاگەیاند دژی ئومەوییەکان، حیجازی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، دوای مردنی (معاویة بن یزید) خەلافەتی ڕاگەیاند، لەساڵی (٧٣ک/٦٩٥ز) لەلایەن سوپای (حجاج بن یوسف)لە مەککە ئابلوقە دەدرێ دەکوژرێ. (البلاذري،6،١٩٩٦ /٢٤١:الطبري،3،٢٠١٢/٥٣٩).

(v) أبو العبر الهاشمي: محمد بن أحمد بن عبدالله، بە (أبا عباس)یش ناسراو بو، یەکێک بوە لە شاعیر و حافیزە ناودارەکانی سەردەمی عەباسی، چەندین شعری نوسیوە، ساڵی (٢٥٠ک/٨٦٤ز) لەلایەن عەباسییەکانەوە لە واسط لە کۆشکی (ابن هبیرة) دەکوژرێت و دەخرێتە خوارەوە دوای ئەوەی کە دەزانرێ لایەنگری بۆ عەلەوییەکان هەیە. ابن الندیم،١٩٨٧، ص٢١٧.